ڕێگای کوردستان

چوارشەممە (29)ی ئەیلول (سێپتەمبەر)ی 2004 ژمارە (612) ساڵی (59)

عەلی مەحمود

Alimahmud2001@yahoo.com

-ئەم مانگە وەرزی کەرت بوونی پارتەکانە ,مانگی ما قەبلەی هەڵبژاردنە و ئەم گەمە سیاسییانەش ئاساییە , مانگی دوایی واتە قەبلەی هەڵبژاردن مانگی تێکەڵ بوونە , واتا چاوەڕوانی شەکراوی یەککگرتنەکانیش بین, کوڕ ئەو کوڕەیە زوو هەرزان فرۆشی نەکات , پێش هەڵبژاردن نرخی دەنگ و پەنجە مۆر و پەیوەندی و بەیعە هەموو دەچێتە سەر , وەك کارەبا بڕان و مۆم , هاوین و بەفر , جەژن و قەیسی وایە.

-نووسەرێك لە هاندەرانەوە گەڕاوەتەوە کوردستان , بەگوێرەی زانیاری ئێستا لە یەك دەرزەن فەرمانگە فەرمانبەرە بە پۆستی جیاجیا , ئەوە مافی من نییە بپرسم چەندی سپییە و چەندی ڕەشە , یان چەندی مەتروکەیەو چەندی فول دەوامە , چەندی بە مۆبایل ئەنجامە درێت و چەندی بە ئیمەیل جێ بە جێی دەکات . بەڵام ئەوەندە دەزانم شەوو ڕۆژیش لە ڕادوێوە بۆ سەتەلایت , لە ڕۆژنامەوە بۆ گۆڤار خەریکی چاوپێکەوتن و لێدوانە , وابزانم سەعات کار لە کوردستان یەك چارەکە , دەسا چۆن فریا دەکەوێت ؟؟؟ . ئەوە دەزگای باج ئەگەر هەبێت دەزانێت .

-تاوانی خێڵی حەمە ئەنجام درا چاو دەرهێنان و دەست بڕینەوەکان لە لایەن ئەنسارەوە خرایە ئەستۆی ی ن ك , درۆ لە ئیسلامدا لە بەرژەوەندیدا بێت حەڵاڵە , هەرچەندە کەس درۆ بۆ زیان ناکات, دیندار و بێدین دەسکەوتێکی تیا نەبێت زمانی بۆ ناجوڵێنێت , لەوانەیە زۆرمان بە درۆکانییان باوەڕمان کردبێت , ئەی دەبێت سێ لاوەکەی زاخۆو هەموو ئەو مرۆڤانەی بە تەریقەی ئیسلامی سەرە بڕدرێن ئەوانیش ینك و پدك ئەنجامی دەن ؟؟. تازە درۆی مەسلەحەتیش فریای ئەم دڕندەییە ناکەوێت . قوڕ بەسەری لەوەدایە برادەرێك لە ژیانی سەری بە فەرزا نەداوەو توك دەموچاوی نەبینیوە لە ئەورووپا لە کار دەرییان کرد , بەهۆی ئەوەوەی منالآنی قوتابخانەکە لە بەر ئەوەی ڕەگەزی موسڵمانە لێی دەترسن , توخوا ناهەقییانە . ئەمەش خێر و بەرەکەتی بزوتنەوەی قەسابەکان و ئەنساری چەقۆ.

-خاتوو میگاواتی بە داوای لێبورنەوە لە گەلی ئەندەنوسی دۆڕانەکەی خۆی قەبوڵ کرد , لە کاتێکدا داوای لێبوردن دەکات نە هەزارانی لە شەڕی ناوخۆیی بە کوشت داوە , نە جەزیرەیەکیشی لە سەر خۆی تاپۆ کردوە ؟؟. وەڵا هەقی پاداشت کردنی هەیە نەك داوای لێبوردن , بە ستانداری سەرۆکایەتی کوردی.